گەلان

دیمانە: کارزان کانەبی



## ژیلە سەلاح یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی عێراق

# ئاواتم ئەوەیە ئەنجامی باش لەسەر ئاستی جیهان بەدەست بهێنم



**ژیلە یەکێك لەیاریزانە هەرە بەتواناکانی عێراقە و یەکێکە لەو یاریزانە کوردانەی کە توانیویەتی ئەنجامی شایستە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق لەپاڵەوانێتییەکانی دەرەوە بەدەستبهێنێت، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٤ی شاری سلێمانیە و لەهەمان کاتیشدا لەیانەی پێشمەرگە یاری دەکات، قوتابی پەیمانگای وەرزشیە لەقۆناغی سێیەم، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

***چۆن بوو، یاری گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**

-ئەوەی منی هێنایە نێو یاری گۆڕەپان و مەیدان خولیای من بوو بۆئەم یارییە و لەمنداڵییەوە ئەوە هیوای من بوو، کەبتوانم خۆم لەم یارییە بدۆزمەوە هیوایەتەکەشم هاتەدی.

*** ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینی لەکوردستان؟**

-ئاستی ئەم یارییە لەکوردستان ڕۆژ بەڕۆژ لەبەرەوو پێشچوونی بەردەوامدایە لەگشت شارەکانی کوردستان، گرنگی زۆر بەیاری گۆڕەپان و مەیدان دەدەن، هەر بۆیە زۆربەی یانەکان تیپی گۆڕەپان و مەیدانیان هەیە لەیانەکانیان.

***بۆچی یانەکان گرنگیەکی ئەوتۆ بەیاری گۆڕەپان مەیدان نادەن لەچاو یارییەکانی تر؟**

-چونکە ئەم تیپانە یاریزانانی کچیان زۆر کەمە و تەنیا لەیارییەکانی تر کوڕ زۆرە، کچان بەدەگمەن ڕوو لەوەرزش دەکەن.

***ئەی ئاستی ئەم یارییە لەسلێمانی لەچ ئاستێکە؟**

-شاری سلێمانی خاوەن بەرزترین ئاستە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەڵگەش بۆ قسەکانم ئەوەیە کە زۆربەی یاریزانانی گۆڕەپان و مەیدانی شاری سلێمانی لەهەڵبژاردەی عێراقە.

***بەشداری چەند پاڵەوانێتیت کردووە لەدەرەوەی عێراقن؟**

-ڕۆژئاوای ئاسیا و پاڵەوانێتی عەرەب و پاڵەوانێتی ئاسیا و پاڵەوانێتی جیهانیش بەشداربوویمە وەکو کچە یاریزانێکی کورد.

***داواکاریت لەلایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

-بەهیوای ئەوەم زیاتر خزمەتی ئەم یارییە بکەن و من چەندین ئەنجامیشم بەدەستهێناوە کەچی هیچ بەرپرسێك هاوکاری نەکردومە.

***بۆچی داوای هاوکاریت لەلایەنی بەرپرس نەکردووە؟**

-لەپاڵەوانێتی جیهانیش کە گەڕامەوە هیچ کەسێك بانگێشتی نەکردم، جگە لەخانمی یەکەمی عێراقی کە هاوکاری کردم.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لەکوردستان؟**

- وەکو یاریزانێك پێم باشە بناغەی پێگەیاندنی یاریزانان دروست بکرێت، لەگشت شارەکانی کوردستان و گرنگی تایبەت بەیاریزانانی ئافرەت بدرێت.

***ئەنجامە باشەکانت چین وەکو کچە کوردێك؟**

-تاکو ئێستا شەش میدالیای زێڕ و چوار زیو و سێ برۆنزم بەدەستهێناوە لەپاڵەوانێتیە جۆراوجۆرەکان، لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق لەپاڵەوانێتیەکانی دەرەوە.

***لەئێستادا بەرنامەت چیە وەکو یاریزانێك؟**

-لەخۆئامادەکردن دام بۆپاڵەوانێتیەکانی دەرەوە لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق، بۆئەوەی بتوانم ئەنجامێکی شایستە بەدەستبهێنم.

***کێشەو گرفتان چییە لەم یارییە؟**

-هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە لەیانەی پێشمەرگە، بەڵکو زۆر هاوکاریشمان دەکرێ، لەیانەی پێشمەرگە زۆر گرنگی بەتوانای یاریزانان دەدرێت.

***خانەوادەکەت ڕێگرێت لێ ناکەن لەوەرزش کردن؟**

-تاکو ئێستا هیچ ڕێگرێکیان لێ نەکردومە و زۆریش هاوکارمن لێرەوە سوپاسیان دەکەم.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

-بتوانم لەپاڵەوانێتی جیهانی ئەنجامێکی گەورە بەدەستبهێنم، ناوی خۆم و وڵاتەکەم بەرز کەمەوە.

***یانەی پێشمەرگەی سلێمانی هاوکاریتان دەکەن؟**

-بەڵێ بەوپەڕی دڵسۆزیان هاوکاریمان دەکەن.

*** ئەگەر یانەیەکی تر داوات لێ بکات، یاری بۆ دەکەی؟**

-هێشتا بیرم لەجێهێشتنی یانەکەم نەکردۆتەوە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لەکۆتاییدا؟**

-زۆرسوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست کە بەردەوامە لەخزمەتکردنی ئافرەتانی وەرزشوانی شاری سلێمانی و بەوپەڕی دڵسۆزیەوە خزمەتی وەرزشکارانی ئافرەت دەکات.

# وەرزی گواستنەوەی یاریزانان لەخولی کوردستان بۆ تۆپی پێ دەستی پێکرد

دوای تەواوبوونی یارییەکانی خولی پلە نایابەکانی کوردستان بۆ تۆپی پێی لە وەرزی ئەمساڵ، کە تیایدا یانەی هەولێر توانی نازناوی خولەکە بەدەستبهێنێت، یانەکان لەگەڵ تەواوبوونی خولەکە ڕاستەوخۆ دەستیان بەکڕین و فرۆشتنی یاریزانەکان کرد، تا ئێستا چەندین یانە پێگەی خۆی بەهێز کردووە و چەندین یانە یاریزانی بەتوانای لەڕیزی ڕۆیشتوون، لەم هەفتەیەدا تەنیا باسی یانەکانی شاری هەولێر دەکەین و لەژمارەکانی داهاتوو باسی یانەکانی سلێمانی و دهۆك و کەرکوك دەکەین.

## یانەی هەولێر

دوای بەدەستهێنانی نازناوی خولی پلە نایابەکانی کوردستان دەستەی کارگێڕی یانەکە متمانەی بەدەستەی ڕاهێنەرانی یانەکەی نوێکردەوە بەسەرپەرشتی ڕاهێنەر سەمیر بابۆ، لەهەمان کاتدا ڕاهێنەری ناوبراو بەنیازە چەند گۆڕانکارییەك لەڕیزی تیپەکەی بکات، بۆ ئەم مەبستەش دەستبەرداری چەند یاریزانێك دەبێت و ڕەنگە تەنیا گرێبەست لەگەڵ دوو تا سێ یاریزان مۆربکات و هەروەها چەند یاریزانێکی تیپی لاوانی یانەکە بۆ تیپی دووەم سەربکەوێت و بەفەرمی تا ئێستا هیچ شتێك بڵاونەکراوەتەوە و چاوەڕوان دەکرێت لەچەند ڕۆژی داهاتوو گشت گرێبەستەکان بەفەرمی ڕابگیەندرێت.

## یانەی بروسك

یانەی بروسك لەوەرزی ڕابردوو توانی پلەی سێیەم بەدەستبهێنێت، بۆیە بۆ ئەم مەبستە دەستەی کارگێڕی یانەکە بیر لەنوێکردنەوەی گرێبەستی ڕاهێنەری یانەکە بژار ئەکرەم و ستافەکەی دەکاتەوە بۆئەوەی لەوەرزی داهاتوو لەگەڵ تیپەکە بەردەوام بێت، لەهەمان کاتدا یانەی بروسك تا ئێستا بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ یەك یاریزان مۆرکردووە، ئەویش یاریزانی یانەی برایەتی (کارزان عومەر) و یانەکە هەوڵ دەدات لەڕۆژانی داهاتوو گرێبەست لەگەڵ چەند یاریزانێکی تر مۆربکات و دوو یاریزانی تیپی لاوانی بروسك بۆ تیپی یەکەمی یانەکە سەرکەوتووە ئەویش هەردوو یاریزان (ئەرسەلان و نەبیل)، لەبەرانبەردا بەفەرمی یانەی بروسك دەستبەرداری یاریزان (هەندرێن عەلی) بووە و هەروەها چەند یاریزانێکی بەتوانای یانەی بروسك گرێبەستیان لەیانەکانی تر بۆ هاتووە وەکو یاریزانان (ئارام سەباح، حوسێن عەلی، بەیار ئەبوبەکر)، بەڵام بەفەرمی پێوەندییان بەهیچ یانەیەك نەکردووە.

## یانەی پێشمەرگەی هەولێر

یانەی پێشمەرگەی هەولێر لەوەرزی ڕابردوو پلەی چوارەمی بەدەستهێنا، لەگەڵ تەواوبوونی خولەکە تا ئێستا یانەکە هیچ شتێکی بەفەرمی ئەنجام نەداوە، چ لەڕووی مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ یاریزان یاخود دەستبەرداربوونی یاریزان یاخود نوێکردنەوەی گرێبەستی دەستەی ڕاهێنەران، وا بڕیارە لەم چەند ڕۆژەدا گشت گرێبەستەکان بەفەرمی ئەنجام بدرێن.

## یانەی ئارارات

یانەی ئارارات لەوەرزی ڕابردوو پلەی پێنجەمی خولەکەی بەدەستهێنا، بۆ ئەم مەبەستەش دەستەی کارگێڕی یانەکە بەفەرمی گرێبەستی ڕاهێنەری یانەکەی عەبدوڵڵا مەحمود بۆ وەرزی داهاتوو نوێکردەوە، لەگەڵ نوێکردنەوەی گرێبەستی ڕاهێنەر، یانەکە بڕیاریدا دەستبەرداری هەریەکە لەیاریزانان (عەلی یونس، ڕەمزی صالح، یادگار یونس، عەلی پیری) بێت لەبەرانبەردا یانەکە بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ هەریەکە لە یاریزانان (سیواك ئەحمەد) لەیانەی برایەتی و (ئەحمەد ڕشدی) لەیانەی برایەتی و (هاوکار ئەمیر) لەیانەی هەندرێن مۆرکردووە و لەچەند ڕۆژی داهاتوو یانەکە گرێبەست لەگەڵ چەند یاریزانێکی تر مۆردەکات.

## یانەی برایەتی

دوای ئەوەی یانەی برایەتی لەوەرزی ڕابردوو لەخولی پلەیەکی کوردستان نەیتوانی سەربکەوێت بۆ خولی پلە نایابەکانی کوردستان، دەستەی کارگێڕی یانەی برایەتی بەفەرمی بڕیاری دا گرێبەست لەگەڵ ڕاهێنەر (عادل خزەیەر) مۆربکات بۆ ئەوەی سەرپەرشتی تیپەکە بکات و هەروەها بەفەرمی دەستبەرداری ١٦ یاریزان بوو و ئەم یاریزانانە بەفەرمی پێوەندییان بەیانەکەی تر کردووە و تەنیا چوار یاریزان، کە لەوەرزی ڕابردوو لەیانەکە یارییان کردووە گرێبەستیان نوێکراوەتەوە ئەوانیش هەریەکە لە(بژار شاکر، ساکار حەسەن، عیماد عوسمان، کارزان ئەحمەد) لەبەرانبەردا یانەکە تا ئێستا چەند یاریزانێکی لاو تاقیدەکاتەوە بۆئەوەی لەوەرزی داهاتوو لەڕیزی یانەکە یاری بکەن. لەژمارەکانی داهاتوو باسی یانەکانی شارەکانی تری کوردستان دەکەین و هەروەها باسی هەردوو یانەی هەندرێن و هەڵۆ-ش دەکەین.







ڕێبین ڕەمزی

# بەرشلۆنە بیر لەفرۆشتنی ئەلڤێس دەکاتەوە



لەهەواڵێکی چاوەڕوان نەکراودا ڕۆژنامەکانی فەرەنسا و ئیسپانیا دووپاتیان کردەوە کە یانەی بەرشلۆنە بیر لەفرۆشتنەوەی یاریزانی بەرازیلی دانیال ئەلڤێس دەکاتەوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی بڕە پارەیەکی باش بۆ ئەوەی لەوەرزی هاوین بە بەهێزیەوە بچێتە بازاڕی کڕینی یاریزانان و بەهێزکردنی یانەکەی هەرێمی کەتالۆنیا بەتایبەتی دوای گۆڕینی ڕاهێنەر گواردیۆلا بەڕاهێنەر تیتۆ ڤیلانۆڤا.

ڕۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی ڕایگەیاند ڕۆیشتنی ئەلڤێس کاریگەری لەسەر ئاستی هونەری یانەی بەرشلۆنە نابێت، بەڵام فرۆشتنی دانیال پارەیەکی باش بۆ یانەی بەرشلۆنە دابین دەکات، کە نرخی شکاندنی بۆندەکەی ئەلڤێس ١٢٥ ملیۆن یۆرۆیە و هەر یانەیەك بیەوێت بۆندی لەگەڵ مۆر بکات دەتوانێت گفتوگۆ لەسەر نرخەکەی بکات، ڕۆژنامەکە ئەوەشی ڕاگەیاند یانەی بەرشلۆنە هەوڵدەدات هێرشبەرێك بکڕێت بۆ ئەوەی یارمەتی یاریزان لیونێل میسی بدات کە فشارێکی زۆری لەسەرە.

لەلایەن خۆیەوە ڕۆژنامەی لۆپاریسیانی فەرەنسی ڕایگەیاند کە یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی و ڕاهێنەرەکەی کارلۆ ئەنشلۆتی چاوی لەسەر دانیال ئەلڤێس داناوە و ئامادەیە گفتوگۆ لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە ئەنجام بدات بۆ کڕینەوەی ئەلڤێس، هەروەها یانەی ئانژی ڕوسی ئامادەیە بۆند لەگەڵ ئەلڤێس مۆر بکات، یانەی بەرشلۆنە و ڕاهێنەرە تازەکەی ڤیلانۆڤا هەوڵ دەدات بۆند لەگەڵ یاریزانان گاریس بال و تیاگۆ سیلڤا و خۆردی ئەلبا مۆر بکات کە ئەوەش پێویستی بەپارەیەکی زۆر هەیە کە یانەی بەرشلۆنە ناچار دەکات دەستبەرداری چەند یاریزانێك بێت.



## بەهۆی ڕیبێری.. ڕۆبن بۆندەکەی درێژ نەکردەوە

یاریزانی هۆڵەندی ئاریان ڕۆبن ڕازی نەبووە بۆندەکەی لەگەڵ یانەی بایەرن میونیخ درێژبکاتەوە بەهۆی کاردانەوەی یانەکە لەدوای ئەو شەڕەی لەنێوان ڕۆبن و ڕیبێری ڕووی دابوو کە لەدوای یاری چوونی قۆناغی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەنێوان ڕیال مەدرید و بایرەن ڕیبێری هێرشی کردبووە سەر ڕۆبن بەپێی ڕاپۆرتێك کە ڕۆژنامەی بیڵدی ئەڵمانی بڵاوی کردەوە.

ڕۆژنامەکە ڕایگەیاند کە تیمی یاریزان ڕۆبن خۆشحاڵ نەبووە بەبڕیارەکانی دەستەی کارگێڕی دوای لێدانەکەی ڕیبێری کە بووە هۆی ئەوەی باوکی ڕۆبن کە بەڕێوەبەری کارەکانی کوڕەکەیەتی تووڕە بێت و ڕازی نەبێت بۆندەکەی ڕۆبن تا ساڵی ٢٠١٥ درێژ بکرێتەوە هەروەك پێشتر ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو، بەڵام ڕۆژنامەکە پێشبینی ئەوەی کرد کە ڕۆبن بەردەوام بێت لەگەڵ یانەکەی هەرێمی باڤاریا ئەگەر بارودۆخەکە پێش یاری کۆتایی چامپیۆنز لیگ لەنێوان هەردوو یاریزان هێور بکرێتەوە.

لەدوای شەڕەکەی نێوان هەردوو یاریزان دەستەی کارگێڕی یانەی بایرەن میونیخ هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو بەرامبەر یاریزان ڕیبێری تەنیا سزادانی بەبڕی ٥٠ هەزار یۆرۆ، مارکۆس هۆرڤیك بەرپرسی ڕاگەیاندنی یانەی بایرەن میونیخ دەربارەی ئەم مەسەلەیە گوتی: ئەوەی لەژووری خۆگۆڕین ڕوودەدات تەنیا لەم ژوورە دەمێنێتەوە و ئێمە باسی ناکەین.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوە داوە کە دانیشتنێك لەنێوان هەردوو یاریزان ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی هەردوولا ئاشت ببنەوە پێش ئەنجامدانی یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە١٩ی ئایاری داهاتوو.

## تیڤیز لەمان سیتی بەردەوام دەبێت

ئەستێرەی ئەرژەنتینی کارلۆس تیڤیز یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی دووپاتیکردەوە ئێستا بیر لەوە ناکاتەوە یانەکەی بەجێبهێڵێت بەتایبەتی کە لەنزیکەوە ئاگاداری پرۆژەی خاوەنی یانەی مان سیتی مەنسور بن زایدە کە دیەوێ تیپێکی بەهێز پێکبهێنێت، تیڤیز پابەند بوونی خۆی لەگەڵ مان سیتی دووپاتکردەوە تا ئەو کاتەی دەسکەوتی گەورە بۆ یانەکەی بەدەست دەهێنێت.

تیڤیز بەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئینگلتەرای ڕاگەیاند کە یانەی مان سیتی چەند هەنگاوێکی گەورە بەرەو پێش ڕۆیشتووە و پرۆژەی خەونی مانچستەر سیتی وای لێکردووە لەیانەکەی بمێنێتەوە، تیڤیز گوتی: من لەسەرەتای ئەم پرۆژەیە لەگەڵ ئەم یانەیە یاری دەکەم و دەمەوێ ئەو ڕۆژە ببینم کە خەونی مەنسور بن زاید دێتە دی، ئەو هەردەم پشتگیریم لێدەکات منیش بەهەموو توانام هەوڵ دەدەم قەرزەکانی بدەمەوە، من کەسێکی بەهیوام و دەمەوێ لەگەڵ ئەم تیپە کار بکەم، ئەوەش ڕۆڵی منە وەك یاریزانێکی گرنگ بۆ یانەکە و بۆ هاندەرانی ئەم یانەیە.





## بەفەرمی. پۆدۆلسکی بۆ یانەی ئەرسنال ڕۆیشت

یانەی ئیف سی کۆلنی ئەڵمانی لەبەیاننامەیکدا بەفەرمی ڕایگەیاند یاریزانی یانە لۆکاس پۆدۆلسکی لەوەرزی داهاتوو پێوەندی بەیانەی ئەرسنالی ئینگلیزی دەکات بەبێ ئەوەی هیچ وردەکارییەك دەربارەی بۆندەکە بڵاوبکاتەوە، یاریزانی نێودەوڵەتی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا تەمەن ٢٦ ساڵ لەتەمەنی ١٠ ساڵی پێوەندی بەیانەی کۆلن کردووە و ڕۆیشتنی بۆ یانەی ئەرسنال پێشبینیکراو بوو بەتایبەتی کە پێشتر دەنگوباسی ئەم بۆندە پەیتا پەیتا بڵاودەکرایەوە.

پۆدۆلسکی لەوتەیەکیدا بۆ هاندەرانی کۆلن لەتویتەر گوتی: ڕۆیشتنم بۆ یانەی ئەرسنال هەلم پێدەدات کە لەئاستی یانەکانی ئەورووپا لەگەڵ یانەیەکی گەورە یاری بکەم، ئەم بڕیارە بۆ من ئاسان نەبوو، چونکە یانەکە و شاری کۆلن و هاندەرانی لەلای من گەورەن، ئەم بڕیارەش لەدژی یانەکە نەبووە، بەڵام هەلێکی گەورەیە بۆ من وەك یاریزان. لەلایەن خۆیەوە ئارسن ڤینگەر ڕاهێنەری یانەی ئەرسنال خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەهاتنی یاریزان پۆدۆلسکی بۆ ڕیزی تیپەکەی و دووپاتیکردەوە کە پۆدۆلسکی دەبێتە بەشێکی گرنگ لەداهاتووی یانەی گەنەرز، پۆدۆلسکی ٩٥ یاری بۆ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ئەنجامداوە و لەپێکهاتەی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی دەبێت لەیارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٢.




## زلاتان بۆ ڕیال. کاکا بۆ میلان

ڕاپۆرتە هەواڵەکان لەهەردوو وڵاتی ئیسپانیا و پورتوگال ڕایانگەیاند ڕاهێنەری یانەی ڕیال مەدرید جۆزێ مۆرینهۆ کار بۆ ئەوە دەکات بۆندێك لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی سوید و یانەی ئەی سی میلان زلاتان ئیبراهیمۆڤیج مۆر بکات بۆئەوەی لەوەرزی داهاتوو یاری بۆ یانەی شاهانە بکات، ڕۆژنامەی ئاسی مەدریدی دووپاتیکردەوە کە مۆرینهۆ لەڕێگای تەلەفۆنەوە پێوەندی بەزلاتان کردووە و ئەم داواییەی لێکردووە، لەلایەن خۆیەوە زلاتان پێشوازی لەم داواییە دەکات و خۆشحاڵ دەبێت جارێکی دیکە لەژێر سەرپەرشتی مۆرینهۆ یاری بکاتەوە کە پێشتر هەردووکیان لەیانەی ئینتەرمیلان بەیەکەوە کاریان کردووە.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەش کرد کە ڕۆیشتنی یاریزانی ئەرژەنتینی گۆنزالۆ هیگواین لەیانەی ڕیال مەدرید زۆر نزیك بۆتەوە و یانەی ڕیال پێویستی بەهێرشبەرێك دەبێت بۆ ئەوەی شوێنی پڕ بکاتەوە، زلاتانیش باشترین هێرشبەرە بۆ ئەوەی ئەو بۆشایە پڕ بکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی کۆنڤیدنسال لەمباریەوە ڕایگەیاند سەرۆکی یانەی ڕیال مەدرید فلۆرەنتینۆ پیریز هەوڵ دەدات یانەی میلان ڕازی بکات بەپێشکەشکردنی یاریزانی بەرازیلی ڕیکاردۆ کاکا بۆ یانەی میلان لەبەرامبەر هاتنی زلاتان بۆ یانەی ڕیال بەتایبەتی کە یاریزان کاکا ئێستا لەلایەن ڕاهێنەر مۆرینهۆ فەرامۆش کراوە.

# کچانی پێشمەرگەی هەولێر و سلێمانی پاڵەوانی عێراق بوون

لەشاری بەغدا بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی گۆڕەپان و مەیدانی عێراقی، پاڵەوانێتی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکانی عێراقی بۆهەردوو ئاستی کچان و کوران بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتیەکەشدا ١٣٣یانەی شارەکانی عێراقی و زیاتر ١٧٥٠یاریزان بۆماوەی دوو ڕۆژ کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەی پاڵەوانێتیەکە، لەئاستەکانی پێشکەوتوان و لاوان و تازەپێگەیشتوان و بێچوەشێران. ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەی خوارەوە بوو.

ئاستی کچان –پێشکەوتوان

١-پێشمەرگەی سلێمانی، ٢-فەتاتی بەغدا

ئاستی لاوان

١-پێشمەرگەی هەولێر، ٢-هەولێر





# خولێکی ڕاهێنەران بۆ ڕاهێنەرانی جومناستیکی کوردستان لە ئۆکرانیا ئەنجام دەدرێت

بەمەبەستی زیاتر ئاشنا بوون بە دوایین گۆڕانکارییەکانی یاری جیمناستیک، وا بڕیارە ٢٠ی ئەم مانگە خولێکی زانیاری نێودەوڵەتی بۆ ڕاهێنەران و ناوبژیوانانی کوردستان لە وڵاتی ئۆکرانیا بەڕێوە بچێت، لە بارەی خولەکەش عەبدولڕەحمان ئادەم سکرتێری یەکێتی جیمناستیکی کوردستان بەفایلی وەرزشی گوڵانی ڕاگەیاند:

(ئەم خولە خولێکی ڕاهێنەری و ناوبژیوانیە بۆ ناوبژیوانان و ڕاهێنەرانی شارەکانی کوردستان دەکرێتەوە لە ٢٠ی ئەم مانگە لە وڵاتی ئۆکرانیا ئەنجام دەدرێت و ماوەی یەک هەفتە دەخایەنێ، ئەم خولە خولێکی نێودەوڵەتیە یەکێتی جیمناستیکی کوردستان بە هەماهەنگی یەکێتی جیمناستیکی نێودەوڵەتی جیهانی ڕێکخراوە، مەبەست لە کردنەوەی ئەم خولەش بۆ ئەوەیە تاوەکو ناوبژیوانان و ڕاهێنەران بەسەرجەم زانیارییە نوێیەکانی یاری جیمناستیک ئاشنا ببن، بڕیارە ١٠کەس بەشداری ئەم خولە بکات).

# هەڵبژاردەی بەرزکردنەوەی قورسایی هەولێر پلەی سێیەمی بە دەستهێنا

لە هۆڵی تەئمیم لە شاری بەغداد بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی بەرزکردنەوەی قورسایی عێراق و بە بەشداری ٤٠ یانەی شارەکانی عێراقی پاڵەوانێتی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەکانی عێراقی لە هەردوو ئاستی لاوان و تازەپێگەیشتوان ئەنجامدرا و ماوەی دوو ڕۆژی خایاند، یانەکانیش لە هەردوو ئاست لەسەر ٨کێشی جیاواز ململانێیان دەکرد، ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەی خوارەوە بوو.

ئاستی لاوان

١-پارێزگای واست، ٢-پارێزگای بەغدا، ٣-پارێزگای هەولێر

ئاستی تازەپێگەیشتوان

١-یانەی کازمیە، ٢-یانەی کوت، ٣-یانەی مینا.



## دهۆک پاڵەوانی کیک بۆکسینگی باکوور بوو



لە هۆڵی یانەی دهۆک، بەسەرپەرشتی یەکێتی کیک بۆکسینگی عیراق و بە هاوکاری لقی دهۆکی یەکێتیەکە، پاڵەوانێتی یانەکانی باکور و کوردستان ئەنجامدرا، لەم پاڵەوانێتیەدا هەریەک لە یانەکانی (دهۆک، کۆیە، ئامێدی، سەرچنار، سێمێل، شێخان، عەلەم، سەلاحەدین، زێرەڤانی، شنگاڵ، موستەقبەل )بەشدارییان کرد و پاڵەوانێتیەکە ماوەی دوو رۆژی خایاند، ئەنجامی کۆتایی بەمشێوەی خوارەوە بوو.

١-یانەی دهۆک ٤٤خاڵ،٢-یانەی عەلەم ٣٠خاڵ،٣-یانەی ئامێدی ١٦خاڵ

## خولێک بۆ ڕاهێنەرانی جۆدۆی نێودەوڵەتی



لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی هەولێر، خولێکی نێودەوڵەتی ڕاهێنەرانی جۆدۆ بۆ ٤٠ ڕاهێنەری سەرجەم شارەکانی عێراق بەڕێوە چوو، کە ماوەی ١٥ رۆژی خایاند ڕۆژانەش وانەکانی خولەکە بەسەر پەرشتی ستافێکی شارەزایانی یاری جۆدۆ لە فەرەنسا بەڕێوەیان دەبرد، لە ڕێورسمێکی شایستەدا کۆتایی بەخولی ڕاهێنەرانی نێودەوڵەتی لە یاری جۆدۆ هات، لەم ڕێورسمە هەریەکە لە سەلاح حەسەن خەسرۆ سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و کونسوڵی فەرەنسا لە هەولێر و هەردوو سەرۆکی یەکێتی جۆدۆی عێراق و هەولێر بەشداربوو، چەندین وتەیان پێشکەشی ئامادەبووان کرد و خۆشحاڵی خۆشیان دەربڕی بە ئەنجامدانی خولێکی لەم جۆرە لەشاری هەولێر، بەهیوای ئەوەش بوون لە ئایندەیەکی نزیکدا خولی زیاتر بۆ ڕاهێنەران بکەنەوە، هەوڵبدەن یاری جۆدۆ زیاتر پێشبخەن.



## پاڵەوانێتی تێنسی سەزەوی پارێزگاکانی عێراق تەواو بوو

لە شاری هەولێر لەسەر یاریگای ئەکوا پارک، بە سەرپەرشتی یەکێتی تێنسی سەر زەوی عێراق، پاڵەوانێتی پارێزگاکانی عێراقی بۆ کوران لەسەر ئاستی یاریزانانی تەمەن (١٤،١٦) ساڵ ئەنجامدرا بە بەشداری هەریەک لە پارێزگاکانی (هەولێر، دهۆک، موسل، کەرکوک، دیوانیە، بابل، نەجەف، کەربەلا، بەسرە، عەمارە ) ئەم پاڵەوانێتیە ماوەی سێ رۆژی خایاند، ئەنجامەکانیش بەمشێوەیە بوو.

**ئاستی تەمەن ١٤ساڵ**

١-یاسرئیسماعیل (دهۆک)، ٢-محەمەد هەمزە (بەغداد)، ٣-ئیمەن جەلال (موسڵ).

**ئاستی تەمەن ١٦ساڵ**

١-سیفەدین عەلی (موسڵ)،٢-محەمەدحەیدەر (حلە)، ٣-مستەفا مەکی (نەجەف).